# تەنها بۆ یەک ڕۆژ و بەس



نوسینی : مانفرێد مای
وەرگێرانی لە هۆڵەندی بۆ کوردی : ڕزگار عبدالكريم

٩-١١-٢٠٠٤

وێنەکان: دێتلیف کێرستێن

# (١)

ئێوارەیە و کاتی چوونە نێو جێگای ئانا نزیک بۆتەوە ،پێویستە بچێت ددانەکانی بشوات ،دەستی خستە سەر دەرمانی ددان پاککردنەوەکە و کەمێک هاتە دەرێ ،ڕەنگێکی پەمەیی هەبوو،خستی‌یە سەر پەنجەیەکی و خستی‌یە سەر لووتی ،ئینجا هەوڵی دەدا زمانی لێوە بدات بەڵام دیار بوو زۆر زەحمەت بوو بۆی، چونکە زمانی لەوە کورتر بوو



کە بگاتە لووتی،هەر لەبەر ئاوێنەکەدا لە خۆی دەڕوانی ،کاتێک زانی باوکی لە دوایەوەیە لێی پرسی:

_ ئەوە چی دەکەیت ئانا؟ تۆ پێویستە ددانت پاک بکەیتەوە.

ئانا سەیرێکی باوکی کرد و کەمێک پێکەنی

+ جوانە ها بابە ؟

_ پێم وایە ددان شتنەکەت لەوە جوانترە.

+ نا من باوەڕ ناکەم .
_ بەڵام من باوەڕم وایە ددان شتنەکەت لەوە جوانترە.
ئانا ئەمجارەیان دەستی نایەوە پێیدا و کەمێکی دەرکرد ،بەڵام ئەمجارەیان نەیکردە سەر دەستی بەڵکو کردیە سەر فڵچە سەوزەکەی ددان پاککردنەوەکە .
_ هێندە زۆریش نا (باوکی وای پێ ووت)
ئینجا دەرمانی ددان پاککردنەوەکەی لێ وەرگرت و ووتی:
_ وانابێت کچم تۆزێک جوان بیشۆ .
+ باشە بابە گەر تەواو بم پێش خەوتن چیرۆکم بۆ دەگێڕیتەوە؟
باوکی سەری دەرمانەکەی نایەوە وووتی(ڕەنگە بتوانم ،با بزانم بوارم هەیە)ئینجا



ئانا بزەیەکی کرد ،چونکە هەمیشە بابە وای دەووت و کەچی بۆشی دەگێرایەوە.
ئینجا ئانا بە جوانی کەوتە پاککردنەوەی ددانەکانی و ئەملا و ئەولاو بەشی ژێرە و هەموو لایەک ،تامێکی خۆشی سارد کەوتە سەر زاری ئانا ،ئینجا چووە ژووری نوستنەکەی خۆی بۆ ئەوەی گوێ لە چیرۆکە کە بگرێت کە قەرارە باوکی بۆی بگێڕێتەوە.

**( ٢ )**

**ئانا چووە جێگاکەیەوە و پاڵکەوت،باوکی خۆی کرد بە ژووردا،کتێبێک بە دەستی‌یەوە، ئانا پێش هەموو شت ووتی:**

**+ پێشتر بۆت نەخوێندبمەوە؟**

**_ هیچ کێشە نی‌یە.. گرنگ ئەوەیە تۆ ئەوەی بۆم خوێندبیتەوە لە مێشکتدا مابێت.**



**بابە پێشەکی‌یەکەی خوێندەوە و کەمێک شیکردەوە ،ئۆو چەند قورسە ها وایە یان نا؟ دەی با بەردەوام بین ئینجا کورسی‌یەکی هێنایە پاڵ سیسەمەکەی ئاناوە و بە هێمنی دەستی پێکرد. هەبوو نەبوو خێزانێک هەبوو ،خێزانێکی هێجگار بەختەوەر،کە هەموو شتەکانیان پێکەوە بوو و ژیانێکی خۆش دەژیان بە هۆی ئەوەی کە باوکیان کاری دەکرد و دەستکەوتیان باش بوو،کچێکی جوانیان هەبوو،ئەم کچە جوانە زۆر شتی سەیری دەکرد بۆ نمونە کاتی ددانی پاک دەکردەوە،لەسەر ئەوە خەریک بوو لەگەڵ باوکیدا بکەوێتە کێشەوە .. ئینجا ئانا چیرۆکەکەی پێ بڕی و ووتی : _**

**+ ئێ بابە خۆ ئەوە چیرۆک نی‌یە ،ئەوە باسی خۆمانە !!!**

**_ بە ڕاست ؟**

**+ بەڵێ ..ئەزانم ئەوە خۆت دروستت کرد ،شتێکی ترم بۆ باس بکە (ئانا کەمێک بە مۆنی سەیری باوکی دەکرد) باوکی لە پێکەنیندا دەتریقایەوە**

**_ ئەم کچە شێتم دەکات،وابڕوات شێتم دەبم،خۆ هەموو شت تێدەگات.**

**+ نا ..هیچ تێ ناگات ،تۆ پێت وایە هیچ تێ ناگات.**

لێفەکەی دا بە سەریدا و ووتی (کەواتە ......) باوکی نەیهێشت قسەکەی تەواو بکات ،لێفەکەی لەسەر سەری لابرد و پێی ووت:

_ قوتابخانەش هەر ئیشە وانیە ؟

+ بەڵی ئانا ،قوتابخانەش هەر ئیشە ،حەز دەکەیت یەکجار تۆ تاقی بکەرەوە.

_ بچم بۆ قوتابخانە؟

+ بەڵێ

_ شتی واچۆن دەبێت کچم؟

+ بۆ نا بابە؟

_ لەبەر ئەوەی ....ئا لەبەر ئەوەی ........

+ ئانا ووتی :بەڵێ لەبەر ئەوەی توانات نیە و غیرەت ناکەیت.

ئینجا دوبارە سەری کردەوە بەژێر لێفەکە دا

_ هێی هێی بۆستە ..یەک دەقیقە بۆستە ..کێ دەڵێت من غیرەت ناکەم؟

ئانا لەژێر لێفەکەوە ووتی (من دەڵێم)

باوکی ووتی (قسەیەکی هیچە ،غیرەت دەکەم و بەڵکو لام شتێکی خۆشیشە)

ئانا لە ژێر بەتانیەکەیەوە سەری دەرهێنا



+ باشه.. كەواتە سبەینێ دەیگۆڕینەوە
_ دەیگۆڕینەوە؟
+ بەڵێ ،ئاسایی دەیگۆڕینەوە ،تۆ بەیانی دەچیت بۆ قوتابخانە بۆ شوێنەکەی من و منیش دەچم بۆ شوێنی ئیشەکەی تۆ،ئەمە بۆ هەمیشە نا بەڵکو تەنها بۆ یەک ڕۆژ و بەس.
باوکی گاڵتەی پێ دەهات و بەڵام دڵیشی نەدەهات هیچی تر بلێ،سەرێکی بادا و ووتی:{ باشه..تەنها بۆیەک ڕۆژ،ڕەنگە خۆشیش بێت}
ئانا هەستایە سەر چیچکان و ووتی: بە دڵنیاییەوە خۆش دەبێت و منیس ناچم بۆ قوتابخانە.
باوکی لە ژوورەکەی ئانا چووە دەرەوە و یاری بە دەستی دەکرد و ووتی(خۆشە کەواتە بەیانی ناچم بۆ ئیش.

## (٣)

ڕۆژی دواییە و كاتژمێر حەوت و چارەكە،كاتی نان خواردنی بەیانی ئانا و باوک و دایكیەتی،هەر دەنگ دەهات(كوانێ نانەكەم؟) (ئەم چاكەتە بۆ من بچوكە !!)(ئەرێ كێ پێڵاوەکانمی بینیووە؟) (كاتژمێر چەندە؟) (تاكێ لە گۆرەوییەكانم دیار نییە!)
(ئەرێ پێویست دەكات كە چاكەت لەبەر بكەم؟) دەنگە دەنگی زۆر لەوە زیاتریان كرد و هەریەكەیان لە ئاوازێكیان دەخوێند..دایكی ئانا سەری بادەدا و ئەم هاواركردنانەی زۆر پێ سەیر بوو ،هەستی كرد شتەكان ئاسایی نین.
دایكی ئانا ووتی(لەگەڵ من دێنە دەرەوە؟)
ئانا و باوكی ووتیان : (بەڵێ)
شتەكانیان هەڵگرت ..باوكی ئانا جانتاكەی ئانای خستە پشتی و ئاناش جانتا دبلۆماسیەكەی باوكی هەڵگرت ،پێكەوە ڕۆشتنە دەرەوە بەرە و وێستگەی پاسەكەی نزیک ماڵی خۆیان، پاسەكەیان پێنج دەقیقە دواكەوت.
ئەو كەسانەی كە لە پاسەكەدا بوون زۆر بە سەرنجەوە سەیری ئانا و باوكیان دەكرد،زۆریان لاسەیر بوو ،پیاوێكی بە تەمەن بە جانتایەكی قوتابخانەوە و

**مناڵێکیش بە جانتایەکی دبلۆماسیەوە،نزیک قوتابخانەکە باوکی ئانا دابەزی ،ئانا هاواری لێ کرد و ووتی (ئاگات لە خۆت بێت ،باش گوێ لە مامۆستاکەت بگرە، باش!)**



**باوکی دەستی بۆ بەرزکردەوە وەک نیشانەی ماڵئاوایی،ئاناش دەبوو دوای دوو وێستگەی پاسی تر دابەزێت و بچێت بۆ شوێنی کارەکەی باوکی .**

# (٤)

## کارگەی ڕەساسی بۆ جلوبەرگی ئافرەتان

لەسەر بیناکە بە نوسینێکی گەورە ئەوە نوسرابوو ،ئانا لە دەرگای سەرەکی‌یەوە خۆی کرد بە ژووردا (ئۆو چەند دەرگای هەیە!!) هەر لە خۆوە ئەوەی ووت ..بەسەر قادرمەکەدا سەرکەوت،لای ڕاستی گرت ،بە ڕاستە ڕێیەکدا ڕێی کرد ،چوارەم دەرگا لە لای چەپەوە نوسینێکی بینی بەسەر دەرگاکەوە (٢٠٣ هێربێرت ) کە ناوی باوکی ئانا بوو ،بەڵێ ئەوە شوێنەکە بوو ،ئانا ویستی لەدەرگا بدات (چ شتێکی سەیرە ئاخر چۆن لە دەرگای ژووری خۆی بدات وە شوێنی کاری خۆی بێت) دەرگای ژوورەکەی کردەوە و بەرەو ژوورەوە ڕۆشت ،سەیرێکی چواردەوری خۆی کرد و لەبەر خۆوە ووتی (ئەمە چی‌یە هەمووی سپی‌یە!! دیوار سپی ..کەنتۆرەکان سپی..تەنانەت مێزی دانیشتنەکەش سپی بە ڕاست شتێکی ناشرینە ..دڵ تەنگ دەکات)هیچ شتێکی لە شێوەی ماڵەوەیان ناچێت ،ئاخر گەر هیچی لە ماڵەوە نەچێت کاری بۆ ناکرێت، جانتاکەی دەستی خستە ژێر مێزەکەوە،



ئینجا چووە سەر کورسی‌یەکە و دانیشت (بە دڵنیایی‌یەوە دەبێت کورسی سوڕانەوە بێت ) ڕاستەوخۆ لەسەری سورایەوە،وەک پەروانە دەسوڕایەوە،هێندە سورایەوە سەری گێژی دەخوارد،لەو کاتەدا کەسێک لەدەرگای ژوورەکەی دا،ئافرەتێک بوو ،بلوسێکی ڕەساسی جوانی لەبەردا بوو کە وێنەی سێگۆشەی تێدا بوو ،دەموچاوێکی زۆر ڕووخۆش بوو،ڕووی کردە ئانا و ووتی:{ بەیانیت باش ،بەڕێزت لێرە تازەیت؟}

ئانا ووتی: [بەڵێ ..من ناوم ئانایە و باوکم لێرە ئیش دەکات و ئەمڕۆ نایەت ،من بۆ ئەو ئیش دەکەم ]



{خۆشحاڵم} ئافرەتەکە وای پێ ووت و ئینجا ووتی{منیش ناوم ئاودگایە..لێرە سکرتێرم} ئانا ووتی :[سکرتێر؟]

ووتی {بەڵێ ..من هاوکاری باوکت دەکەم بۆ کارەکانی بۆ نمونە بۆ چاوپێکەوتنەکان و کاری تر ،بەڵام ئێستا من کارم هاوکاری کردنی بەڕێزتە ،شتێکی باشە؟} ئانا سەرێکی جوڵاند و کەمێک بزە کەوتە سەر لێوانی [ شتێکی زۆر باشە و کار ئاسانیشە خۆ ئێمە لە قوتابخانە کەس هاوکاریمان ناکات].

# (٥)

## قوتابخانەی برایەتی

ئەوە ناوی قوتابخانەکە بوو کە لەسەر دەرگاکە نوسرابوو،باوکی ئانا خۆی کرد بە ژووردا (ئۆو چەند دەرگای هەیە !!)بەسەر قادرمەکاندا سەرکەوت ،ئینجا بەلای چەپدا بە ڕاستە ڕاڕەوەکەدا تێپەڕی.. چوارەم دەرگا لای ڕاست نوسینێک هەڵواسرابوو (پۆلی دووەمی با)،ئەوە خۆی بوو ،باوکی ئانا لەدەرگای دا،گوێی لێ بوو پێیان ووت (وەرە ژوورەوە) دەرگاکەی کردەوە و بینی قوتابییەکانی تر هەمووی لە پۆلدا بوون ،لای دەرگاکەوە مامۆستایەکی ئافرەت وەستا بوو ،ئەوە مامۆستا کالف بوو ،مامۆستای ئانا .



مامۆستاکە کە باوکی ئانای بینی سەری بادا و سەیرێکی کاتژمێرەکەی دەستی کرد و سەرێکی بادا،باوکی ئانا زانی کە دواکەوتووە ووتی:(دواکەوتنەکە هیچ تاوانی من نییە پاسەکەمان دواکەوت)مامۆستاکە ووتی(باشە باش ،،بەلام تۆ لێرە تازەیت؟) باوکی ئانا ووتی (بەڵێ..من ناوم هێربێرتە و باوکی ئانام ،ئانا ئەمڕۆ نایەت و من لەبری ئەو هاتووم.)

مامۆستاکە ووتی (بەڵی باشە هێربێرت ،فەرموو بچۆ دواوە لە پاڵ (بۆس )دا دانیشە) کاتژمێری یەکەم دەستی پێکرد و وانەی (بیرکاری)یان هەبوو،هێربێرت زۆری لا خۆش بوو ،هەر لەگەڵ یەکەم پرسیاری مامۆستادا دەستی بەرزکردەوە،مامۆستاکە لە دروستی وەلامەکەی زۆر باشەیەکی پێ ووت،بۆ هێربێرت بیرکاری ئاسانترین وانە بوو هەموو

وەڵامەکانی دەزانی ،سەیری دەوروبەری خۆی دەکرد ،قوتابی‌یەکانی تر لەخۆوە بە مۆنی‌یەوە سەیریان دەکرد ..ئەو کاتژمێرە بۆ باوکی ئانا زۆر خێرا ڕۆشت ،کە زەنگەکە لێی دا (بۆس) لەبەر خۆوە ووتی( ئۆخەی نەجاتمان بوو،دوای ئەمە وانەی زمانی ئەڵمانیمان هەیە)هێربێرت لە زمانی ئەڵمانیدا زۆر خراپ بوو ،هیچی لێ نەدەزانی ، بۆیە کە دەست کرا بە وانەکە ئیدی باوکی ئانا هەر خۆی بە شتەوە سەرقاڵ دەکرد تاوەک کاتی زوو لێبڕوات ،مامۆستاکە چەندین جار ئاگاداری کردەوە کە ئاگای لە وانەکە بێت (هێربێرت ئاگات لە وانەکە بێت خۆت بە شتی تروە سەرقاڵ مەکە ،ئاگات لای من بێت،ئەمە دووم جارە ئاگادارت دەکەمەوە ) باوکی ئانا توشت قەلەقی ببوو،زۆر جیاوازتر بوو وەک لەوەی لە وانەی بیرکاری دا ئاسودە بوو،هەستی بە برسێتی کرد،مامۆستاکەی جارێکیتر ئاگاداری کردەوە (تۆ باش گوێ ناگریت ،ئیدی ئاگادارت ناکەمەوە و ئەمە دواین ئاگادار کردنەوەتە،ئاگات لە وانەکە بێت .



دەم و چاوی هێربێری گۆڕابوو،وەک هەست کردن بە بێتاقەتی و نارەت بووبێت وا دەردەکەوت (پێویست ناکات بە تاقات گوێ بگریت باش خەیاڵت لای وانەکە بێت ،گەر شتێک نازانیت با فێربیت) ئینجا چووە پشتی باوکی ئاناوە وەستا و ووتی (ئەڵێی بوکی مناڵانەیت لێرەدا دانراویت هیچ نقەیەک ناکەیت) قوتابی‌یەکان هەموو پێکەوە تریقانەوە،مامۆستاکە کارێکی وای دەکرد کە باوکی ئانا لەوە زیاتر خۆی بە شتی ترەوە سەرقاڵ نەکات و بەژداری وانەکە بکات ،مامۆستاکە پەنجەیەکی خستە دەمی‌یەوە و بە توڕەیی‌یەوە ڕوانی‌یە باوکی ئانا،هێربێرت وەک بە دوای شتێکدا بگەڕێت وابوو ،چونکە برسێتی تینی بۆ هێنابوو.

# (٦)



خاتوو ئۆدیگا خۆی کرد بە ژووردا،چەند نمونەیەک لەو قوماشە ڕەنگاوڕەنگانەی پێبوو کە وەک نمونە هێنابووی..نزیکەی بیست پارچە دەبوو ،هەمووی خستە سەر مێزەکەی ئانای لێ دانیشتبوو ،ئانا وەک بەرپرسێک سەیرێکی کرد،خاتوو ئۆدیگا ووتی (ئەمە لە بەشی قوماشەوە وەک نمونەیەک بۆ مۆدێلی هاوینە بۆمان هاتووە،ئێمە پێنج ڕەنگمان پێویستە ،وە کاتژمێر چواری پاش نیوەڕۆ چاوپێکەوتنت هەیە لەگەڵ بەڕێز هێڵدەرفیت ) ئانا سەرێکی بادا ..ئینجا ڕووی کردە ئانا و ووتی(هیچت پێویست نییە بۆت بکەم؟)



ئانا ووتی(بەڵێ ، ئەمەوێت هەندێک پشتی و چەند دیمەنێکی جوانم بۆ بێنە بۆ ئەوەی بەو دیوارە سپییانەدا هەڵیواسم لەگەڵ چەند چەپکە گوڵێکدا

گوڵەکان با چەند ڕەنگێکی کراوەی جوان بن ،وە لەگەڵ چەند پارچە شوکولاتەیەکی گەورەدا ).

ئۆدیگا هەڵی دایە ووتی(شوکولاتەی شیر یان جۆری تر؟) ئانا ووتی(شیر بە یارمەتی، نا نا بیرم کەوتەوە ،دەزانی چی..با تامی میوەشی تێدا بێت ..) ئینجا ئۆدیگا وتیەوە

_ (پشتی و دیمەنی پۆستەر و گوڵ و شوکولاتەی تامی میوە و شیر و چیَ تر؟)

+ بەڵێ ..لەگەڵ ئەوانەدا کەمێک کاغەزی وێنەکێشان و بۆیەی ئاویم بۆ بێنە .

_ کاغەزی وێنەکێشان و بۆیەی ئاوی؟(بە سەرسوڕمانەوە) ووتی(دەتوانم بزانم بۆ؟)

ئانا لەسەر کورسی‌یەکەی سوڕایەوە و دەستی دالە قوماشەکانەوە و ووتی(ئەمانە زۆر ناشرینن .

+ ناشرینن؟ ئەوانە تازەترین مۆدێلی ئەم ساڵن .

_ دەبێت وابێت بەڵام من پێم جوان نین ،من بە ئارەزووی خۆم مۆدیلێک دادەنێم.

# (٧)

ئۆخەی زەنگەکە لێی دا و کاتی پشوو هات،باوکی ئانا خەریک بوو برسێتی تینی بۆ دەهێنا و سەری دەهێنایە ئێش ،بەپەلە لە پۆلەکە ڕایکردە دەرەوە و لە بێئاگایی خۆیدا خۆی دا بە ووڕگی بەڕیوبەرەکەدا،ووڕگێکی زل ،باوکی ئانا ووتی (ئۆو ببورە،نەمزانی ببورە) بەڵام بەڕێوبەرەکە ئەمە نەچوو بە مێشکیدا و قۆڵی گرت ووتی:

+ (بۆ کویَ وا بەپەلە ؟ بەردەمی خۆت نابینیت؟)

_ ببورە

+ دڵنیام تۆ تازەیت لێرە وانی‌یە؟(باوکی ئانا سەرێکی بۆی ڕاوەشاند)شتێک هەیە دەبێت باش دڵنیابیت ،هاتووچۆکردن لێرە پێویستی بە هێمنی هەیە،نابێت وەک شێت ڕاکەڕاک بکەیت ،تێگەشتیت؟

باوکی ئانا دوبارە سەری لەقاندەوە(تۆزێک ئاگات لە خۆت بێت)دوا قسە بەڕێوبەرەکە وای بە باوکی ئانا ووتی و قۆڵی بەردا.. باوکی ئانا ڕاستەوخۆ گەڕایەوە پۆلەکەیان

و هەست کردن بە برسێتیش تینی زیاتر بۆ دەهێنا.. بۆیە دەستی دایە جانتاکەیی و نانەکەی دەرهێنا و لەەر خۆوە ووتی(خۆ بواری نان خواردنەکەی نەدام).



دەیویست هەموو نانەکەی بە پەلە لە ژوورەکە دا بخوات و پێش کاتی پشوو تەواو بێت بەڵام فریانەکەوت و زەنگی وانە دەست پێکردن لێی دا و مامۆستا خۆی کرد بە ژووردا، چووە پشتی مێزەکەیەوە دانیشت و کە بینی باوکی ئانا نانەکەی بە دەستەوەیە بە تووڕەیی‌یەوە هاواری لێ کرد(هێربێرت،نانەکەت هەڵگرە بۆ کاتی پشووی درێژ ،خۆ خۆت دەزانیت ئێمە وانە دەخوێنین) باوکی ئانا ووتی:

_ بەڵام من برسیمە

+ کەواتە پێویستە بەیانیان نانی باش بخۆیت

_ بەڵێ ،بەڵام من ناتوانم بەیانیان لەبەر گورچیلەم نان زۆر بخۆم

منداڵەکان بەم وەڵامەی باوکی ئانا پێکەنین

+ ئینجا من چێ بکەم ئەوە کێشەی خۆتە..بەهەرحاڵ ئەوەی دەستت کە تەواو بوو ئیدی تەواو .

**باوكی ئانا وا بەنیاز بوو كە ئەوەی دەستی تەواو كرد ،پارچیەكی تریش دەربهێنێت بەڵام لێیان تێک دا و نەیانهێشت تێر بێت،دەبوو ماوەیەكی تریش چاوەڕێ بێت.**



## {دروست كردنی ماڵێكی بە خەیاڵی خۆیان}

**ئەمە ناونیشانی وانەكەیان بوو ،دەبوو هەریەكەیان خانوویەک دروست بكەن و وبە خەیاڵی خۆیان شێوەكەی دیاری بكەن و ئەو كاتە لەوڕووەوە لێک دەدرایەوە كە هەریەكەیان ئارەزووی لە چ جۆرە خانوویەكە مامۆستا هاواری لێ كردن (دەبێت بە جۆرێكی هێندە جوان بێت ئینسان حەز بكات بیبینێت).**

**قوتابیيەكان كەوتنە وێنەكێشان،یەكێک لە شێوەی هێلكەدا شێوەكەی پێ جوان بوو ،یەكێكی تریان لەشێوەی فڕۆكە و چەندین شێوەی تر،كەسێک خانووی لە ژێر ئاودا پێ جوان بوو،تێیدا بوو خانووی ناو چیمەنی پێ جوان بوو ،یان خانوویەک لە شووشە كەسێک خانووی چوارگۆشەی پێ جوان بوو ،یان خانووی شێوە بازنەیی و یان خانوو لە شێوەی ئۆتۆمۆبێلدا یان لە شێوەی باڵۆندا.**



بۆس خانوویەکی لە شێوەی باڵۆندا دروست کردبوو،تەنها باوکی ئانا نەبێت چەند خەتێکی کێشا بوو کە خۆشی نەیدەزانی چیە ،پێی وابوو ڕاهێنانێکی هیچە،کاتێک مامۆستا سەیری خەتەکێشراوەکانی کرد پێی ووت(ئەمە هەموو ئەوەیە کە کێشاوتە؟ ئەمە کەی خانووە؟) ئینجا هاتە پشتیەوە وووتی(تەنها دە دەقیقەتان کات ماوە،دواتر هەمووتان دەبێت وێنەکانم بدەنێ و بزانم ئارەزووتان چۆنە).

باوکی ئانا بەم قسانە کەمێک تووڕە بوو،پێی وابوو مامۆستایەکی نەزانە ،ڕووی کردە بۆس کە لە پاڵیدا دانیشتبوو لەبەر خۆیەوە ووتی(من خۆم خانووی خۆمم هەیە ئیدی خەیاڵی چی)ئینجا بە پەلە کەوتە وێنەکردنەکەی و وەک بۆس کەوتە دروست کردنی خانوو لە شێوەی باڵۆندا بەڵام جیاواز لەوەی بۆس کێشابووی.

## (٨)



خاتوو ئۆدیگان گەڕایەوە ..هەردوو دەستی پڕ لە شت ،ئەوەی داوای لێکرابوو هەمووی هێنابوو ،پشتی ..پۆستەرەکان..گوڵ و کەلوپەلەکانی بۆیەکردن..پارچە شوکولاتەکە بەدەم-ییەوە بوو.. (ئۆو لە کوێی دابنێم ئەم هەموو شتە )ئانا وەڵامی دایەوە (لەسەر مێزەکەی بەردەمم )ئینجا پارچە شوکولاتەکەی گرت بە دەستیەوە و ووتی(یەکەم جار ئەوە دەخۆم، پارچەیەک ناخۆیت؟) (سوپاست دەکەم) ئانا ڕووی کردە ئۆدیگاو پێی ووت(ئیشکردن بە شوکولاتەوە زۆر خۆشە ،هەندێک شتی تر هەیە دەبێت قسەی لەسەر بکەین ) پەنجەی

لستەوە و ووتی(دەبێت لەسەر ئەوە قسە بکەین کە چی بکەین بۆ ئەوەی ژوورەکە جوانتر بکەین ؟ تۆ چیت پێ جوانە؟ چۆن بۆیەکەمان بکەین؟ ژوورەکە چۆن بێت بە بڕوای تۆ؟) خاتوو ئۆدیگا دووبارەی کردەوە (ژوورەکە چۆن جوان بکەین؟ مەبەستت چیە؟ ) ئانا هەستایە سەر پێ و دەستی دایە فڵچەکە و دەستی کرد بە بۆیاخ کردن،بە پێی قسەکەی ئانا دەبوو ژوورەکە ئۆدیگان بە وێنەو پۆستەرەکان و پشتیەکان بیرازێنێتەوە ،لە سوچێکدا دەبوو شوێنێکی تایبەت دروست بکەن،ئۆدیگان دوای ماوەیەک کارکردن ڕووی کردە ئانا و پێی ووت( من تەواو بووم) ئاناش ووتی(منیش وا خەریکە تەواو دەبم) بلوسە سپیەکەی هەمووی پەڵەی بۆیاخی بەرکەوتبوو ،تەنانەت دەم و چاو و دەست و پەنجەشی هەمووی ببوو بە بۆیاخ.. هەروەک باڵندەی ڕەنگاوڕەنگ دەهاتە بەرچاو ..ئەوەی ئانا ویستی دروست وایان کرد ،تەنانەت رازانەوەکەش وەک داخوازیەکەی ئانا بوو ،دواین شت کە ئاناش تەواو بوو ڕووی کردە خاتوو ئۆدیگان و ووتی(ئێستا تۆ پێت چۆنە؟)



ئینجا ئانا سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد،پۆستەرێکی وورچی بینی هەڵواسرابوو ،لەولاشەوە پۆستەرێکی سروشتیش هەڵواسرابوو ،ئانا دوبارەی کردەوە (بە ڕاست ئێستا جوانە یان پێشتر؟) خاتوو ئۆدیگان وەڵامی دایەوە و ووتی(بەڵێ ئێستا زۆر جوانە).

**ئانا درێژەی بە قسەکانی دا (بە بڕوای من ژوورەکەی خۆشم وا لێ بکەم زۆر باشە)**



**ئانا دەستی کرد بە باسکردنی کارەکەیان ودیمەنی تەواوی ژورەکە و سەرمێزەکە گۆڕا بوو ،ئینجا لە ئۆدیگانی پرسی( چۆن کارێک بوو کردمان؟) ئەویش سەرێکی بادا و ووتی( بڵێم چ ..نازانم..!!) ئانا نەیهێشت هیچی تر بڵێت ووتی(ئەکید زۆر جوانە) خاتوو ئۆدیگان هیچی تری نەووت .**



# (٩)

پۆلی (دووەمی با)یە و وانەی وەرزشیان هەیە ،ئاووهەوا زۆر خۆشە ،هەر کاتێکیش ئاووهەوا ئاوها خۆش بێت مامۆستا دەیان باتە دەرەوە بۆ یاری کردن نەک بۆ هۆڵی وەرزشی.. مامۆستای وەرزش کەوتە مەشقکردن پێیان (خۆت دەنوشتێنیتەوە و دەست دەدەیت لە زەوی و هەڵدەستیتەوە ،چەند جارێک ئەو مهشقە دەکەین ..دەی هەموو پێکەوە ) باوکی ئانا بە هیچ جۆر ئارەزووی وەرزش کردنی نییە ،هەمیشە بە جوڵەیەکی کەمیش بێت ماسولکەکانی دەکەونە ئێش..ئێستا لە دوای دواوە وەستاوە و مامۆستای وەرزش باش نایبینێت.. بەڵام قوتابییەکی هاروهاج لە پڕ هاواری لێکرد (دەی هێربیرت دەست بدە لە زەوییەکە ،تەواو بنوشتێرەوە ) باوکی ئاناش هاواری کرد ( نابینیت دەست لە زەوییەکە دەدەم ) کە مامۆستاکە بینی ڕووی کردە قوتابییەکەی تر و ووتی (تۆ کارت بە هێربیرت نەبێت) باوکی ئانا بەم وەڵامەی مامۆستاکە گرەوی بردەوە و زمانێکی لە قوتابییەکە دەرکرد..



مەشق بەردەوام بوون ،تا گەشتنە سەر ڕاکردن،دەبوو هەموو پێکەوە بە دەوری یاریگاکەدا لە شوێنی یاری گۆڕەپان و مەیدانەکە بە ڕاکردن بسوڕێنەوە ،مامۆستاکەش لە نزیک ناوەندا وەستابوو، هاواری لێ کردن (هەموو ئامادەن؟) فیکەیەک و دەستیان کرد بە ڕاکردن..لە سەرەتادا کە دەستیان پێ کرد لە پێچی سەرەتادا باوکی ئانا و بۆس کەوتبونە دوای دواوە ،ئەوەی لە پێچی یەکەمدا لە پێشەوە ڕای دەکرد (ڕۆب) بوو ،لەدوای ئەویش مالینا و دوای ئەویش دانیلا و چوارەمیش کارل ،لەگەڵ ڕاکردنی ئەواندا مامۆستا هاواری دەکرد



(هوپا هوپ ،دەی بەردەوام بن،خێراتر)باوکی ئانا کە گوێی لە مامۆستا بوو هەنگاوی زیاتری هەڵنا ،مارتینای بڕی و بۆس و یورون و ئێلسیشی جێهێشت..خێراتر هەنگاوی هەڵدەنا ،کاتیا و بینیاشی بڕی ، تەنانەت کارلیش ،گەشت بە خێراکان بەڵام ئەمیش هەنگاوی باشی دەنا..دانیلا و مالیناشی جێهێشت،تەنها ڕۆب لە پێشی‌یەوە مابوو ،سەیرێکی کرد هەستی کرد ڕۆب کەمێک لەمەوە دوورە بەڵام هیوابڕاو



نەبوو ،هەنگاوی خێراتری نا،باوکی ئانا نزیک کەوتەوە لە ڕۆب، چەند مەترێکیان مابوو بۆ کۆتایی نزیکەی دە مەترێک باوکی ئانا پێش کەوت ،ئا نزیکەی پێنج مەتریان ماوە ..سێ ..دوو ..باوکی ئانا بردی‌یەوە...مامۆستا هاواری کرد ..(ئافەرین هێربیرت ) ڕۆب بە توڕەیی‌یەوە ووتی(سەیری ئەم نمونە عەنتی‌کەیە ،پەل و پێ درێژە،دەڵێی مقەستە،ئەمە ڕاست نی‌یە) جاران هەر تەنها ڕۆب یەکەم بوو بەڵام هێربیرت ئەو خۆشی‌یەی ڕۆبی بڕی.



دوای ئەوە مامۆستا فیکەیەکی لێدا و هاواری کرد (ئێستا هەموو دەڕۆین یاری تۆپی پێ دەکەین،دەی ڕۆب و کاتیا ئێوە وەک دوو تیم قوتابیان هەڵبژێرن..) هەمیشە وایان دەکرد ،دوو قوتابی وەک نوێنەری دوو تیم لە نێو قوتابیانی تردا هەڵیان بژێرن..یەکە یەکە قوتابییەکان جیاکرانەوە و هەندێکیان بۆ لای ڕۆب و هەنێکی تریان بۆ لای کاتیا ،تاکە کەس باوکی ئانا بوو کە نەکەوتبووە هەڵبژاردنی هیچیانەوە ،کە بینیان تەنها ئەو ماوە ڕۆب بە کاتیای ووت(ئەویش با لای ئێوە بێت)،کەوایە باوکی ئانا کەوتە لای کاتیا و بەرامبەر تیپی ڕۆب یاری دەکرد،دایان نا کە لە بەرگری دا یاری بکات و ئاگاداری بەشی دواوە لای ڕاست بێت..



**سەیر کردنی یاری تۆپی پێ لە تەلەفزیۆن بۆ باوکی ئانا یەکێک بوو لەو شتانەی کە زۆری پێ خۆش بوو بەڵام خۆی یاری بکات ،ئەمەیان هیچ کات حەزی لێ نەبووە،چەند جار لە کاتی هەوڵ دان بۆ شوت ێدان چروکی کرد،دوو جار تۆپەکە کەوتە ژێر قاچی و لە شوێنی خۆی کەوت ،کاتیا نەڕاندی بەسەریدا (بەرگری کردن وا نابێت ،وابکەیت گۆڵێکمان لێ دەکرێت ،تۆزێ بە ئاگا بە)،لە کاتی هێرشی تیمی ڕۆب دا بە ڕێکەوت تۆپێک کەوتە بەر قاچی باوکی ئانا و لەگەڵ سووت لێداندا تۆپەکە چووە گۆڵەوە،دەستی بەرزکردەوە وەک نیشانەی خۆشی بۆ گۆڵ کردنەکەی،بەڵام کام گۆڵ (باوکی ئانا گۆڵی لە خۆیان کرد )ڕۆب بەمە قاقا دەتریقایەوە.**

# (١٠)

**ئانا و خاتوو ئۆدیگا پێنج شێوەیان هەڵبژارد و خاتوو ئۆدیگا ووتی(ئەوەی پێنجەم زۆر زۆر جوانە ،هەر ئێستا دەیبەم بۆ بەشی قوماشەکە و ئاگاداریان دەکەم لەسەر هەڵبژاردنەکەمان ،ئینجا دەستی دایە هەموو پارچەکان و ئاناش ووتی (زۆر باشە ،هەروەها پێیان بڵێ وەک چۆنمان داواکردووە ئاوها بکەن) خاتوو ئۆدیگان سەری لەقاند و نیشانەی رازی بوونی نیسان دا،ئانا لەسەر کورسیەکە هەستا و جووە لای پشتیەکانەوە و هێشتا شوکولاتەی پێمابوو ،لەسەر پشتیەکان پاڵی دایەوە و لەبەر خۆوە ووتی( هێندەمان ئیش کرد هیلاک بووین ،کاتی ئەوەیە پشوویەک بدەین ،ئێرەش بۆتە قوتابخانە هیلاک بووم )زۆری پێ نەچوو خاتوو ئۆدیگان گەڕایەوە( تەواو ئەوە ئاگادارم کردن) ئانا دەبوو کەمێک پشوو بدات ،هەستی کرد زیاد لە پێویست هیلاک بوو ووتی:**

**+ ( ئێستا کاتژمێر چەندە؟)**

**_ چارەک لای داوە لە سێ**

**+ ئۆو چەند درەنگە!!!!!!!!ئەمڕۆ ئیشی باشمان کرد ،هاوکات ئاووهەوا زۆر خۆشە و پێویست ناکات بەردەوام ئاوها ئیش بکەین،دەڵێم با هەموومان بچین بۆ مەلەوانگە)**

**_ ئەی چاوپێکەوتنەکەت ؟ ئاخر کاتژمێر جوار چاوپێکەوتنت هەیە.**



+ ئەوە سبەینێش بێت هەر دەبێت،تەلەفوونی بۆ بکە وبیخەرە سبەینێ ،دەشتوانیت بانگێشتی بکەیت لەگەڵمان بێت بۆ مەلەوانگەکە بۆ مەلەکردن.



# (١١)

ئێوارەیە و گەڕاونەتەوە ولەسەر مێزی نان خواردن کۆبونەتەوە..باوکی ئانا خەریکی خواردن بوو ،لەپڕ باوکی ئانا وەستا لە نان خواردن..دایکی ئانا پرسی :



+ (چیە ئەوە بۆ ناخۆیت؟)

_ تەواو هیچی ترم بۆ ناخورێت.

باوکی ئانا قاپەکەی بەردەمی دوورخستەوە و بەردەستی بەتاڵ کرد، ئانا پرسی :

+لەگەڵ قوتابخانەداچۆن بوویت بابە؟

_ ئۆو

+ئەوە وەڵام نیە،بڵێ بزانم چۆن بوو

_ نەباش بوو ،نە خراپیش بوو

+ مانای چیە نەباش بوو نە خراپ؟

_ئاخر چۆن دەبێت برسیت بێت و نەهێڵن نانەکەت بخۆیت؟

دایکی ئانا هەڵی دایە (ئەی ئێستا بۆ نانەکەت ناخۆیت؟)

_ ئێستا برسیم نیە.

+ ئەی لەگەڵ وانەی وەرزشدا چۆن بویت؟

_ زۆر باش بووم لە ڕاکردندا یەکەم بووم.

+ بەڕاست؟

_ بەڵێ لە یاری تۆپی پێشدا گۆڵێکم کرد.

دایکی ئانا سەیرێکی کرد ووتی(تۆ ؟تۆ گۆڵت تۆمار کرد باوەڕ ناکەم)

_ بەڵێ ..دڵنیابن

+ ئانا ووتی (چاکت کرد،کەواتە بە دڵنیاییەوە ئێستا هیلاکیت)

_ باشم زۆر نا

+بەڵێ بەڵێ



سەیرێکی کاتژمێرە گەورەکە هەڵواسراوەکەی کرد (کاتژمێر حەوت ونیوە ،کاتی چوونە نێو جێگایە)

_ بەدڵنیاییەوە دەبێت بچمە جێگاوە

هەستا و بەرەو دەرگاکە چوو ..ئانا ڕووی کردە باوکی و ووتی

+ (بەر لەوەی بخەویت بیرت نەچێت کە دەم و ددانت بشۆیت) باوکی ئاوڕی دایەوە و ووتی



_ (نا نا ،ئەمڕۆ نا)

+ بەڵێ دەبێت بیشۆیت ئەگینا بۆت دێنم بۆ ناو جێگاکەت

باوکی سەیرێکی کرد و هەوڵی دا بە قادرمەکاندا سەرکەوێت،بەڵام ماسوولکەکانی ئازاری زیادی کرد،ئاخر زۆر دەمێکە ئازاری ماسوولکەی لەگەڵ دایە،بەڵام هیچی لەو بارەوە نەووت..

# (١٢)

باوکی ئانا لە جێگادا کەوتووە و ئاناش خۆی کرد بە ژووردا و کتێبێکی بەدەستەوە، باوکی ئانا ڕووی کردە ئانا و پێی ووت:(پێشتر بۆت نەخوێندبمێتمەوە،بۆم باس بکە)
ئانا ووتی( چیت بۆ باس بکەم ؟)
+بۆم باس بکە ئەمڕۆ چیت کرد که چویت بۆ شوێنی ئیشەکەم؟
ئانا تۆزێک سەری هێنا و برد و کەمێک بە دەوری سیسەمەکەی باوکیدا گەڕا و ئینجا کەوتە باسکردن:{ ڕۆژێکی تابلێی خۆش بوو،بەڵام ژوورەکەی تۆ زۆر زۆر چۆڵ بوو،زۆر شتمان بۆ کرد و جوانمان کرد،پۆستەرمان هەڵواسی و گوڵم لەسەر مێزەکە دانا و سوچێکمان ڕازاندەوە بە پشتی زۆر خۆش دەرچوو.. ڕاست دەبێت بڵێم کە سوچەکە خاتوو ئۆدیگان ڕازاندی‌یەوە}
باوکی قسەکەی ئانای دووبارە کردەوە(سوچێک بۆ پشتی؟)
ئانا ووتی(بەڵی ..هاوکات هەندێک نەخش و شتی ترم کێشا..وە لە شێوەکاندا من شتی ترم هەڵبژارد،ئەوەی ناردبویان زۆر جوان نەبوو،تەنانەت خاتوو ئۆدیگانیش هەمان بۆچونی هەبوو)
باوکی ووتی( خاتوو ئۆدیگان؟)



ئانا وەڵامی دایەوە(بەڵێ بابە ،ئەویش هەمان بۆچوونی منی هەبوو ،وە بەزوویی بردی بۆ بەشی قوماش و هەموو شتەکان چونەتە پێشەوە،کێشەی نی‌یە) باوکی سەرێکی بادا

و وتی:(ئەها کێشە نەماوە!!!!!!!) ئانا بەردەوام بوو (زۆرمان کارکرد تاوەک سێ و چارەک،دواتر هەمووما‌ن پشوومان داو چوین بۆ مەلەوانگە،ئاوێکی زۆر خۆش بوو بۆ مەلە) باوکی ووتی( کەواتە سێ و چارەک ڕۆشتونەتەوە؟) لە تورەیدا ڕووی کردە



ئەولاوە و وەک دڵگران بێت وادیار بوو ،دەنگی نەما..ئانا دەستی پێکردەوە:(بەڵێ سێ و چارەک ڕۆشتینەوە ،ئەها سەیرکە ئێستا کاتژمێر هەشت و چارەکە تۆ دەزانیت پێویستە گڵۆپەکان بکوژێنمەوە ؟) باوکی ووتی (ئەها باشە ) ئینجا ئانا ووتی(خەیاڵی خراپ مەکە و هەوڵ بدە بخەویت، ئەگینا بۆ بەیانی بە خەبەر نایەیت



ئانا لێفەکەی دا بە باوکی دا و ژوورەکەی تاریک کرد و لە ژوورەکە چووە دەرەوە،باوکە کەمێک تێراما و دەبوو سبەینێ زۆر شتیان بۆ روون بکاتەوە ،باش بوو ئەوە تەنها بۆ ڕۆژێک بوو ،ئاوڕی بەملای خۆیدا دایەوە و گڵۆپە کزەکەی داگیرساند و کەمێک لەسەر جێگاکەی خۆی مات بوو ،لەبەر خۆوە ووتی( ئەمانە هەمووی تاقی کردنەوەن و پێوانەی کارکردنی ئینسان بە پێی گرنگی دیار دەخات..باش بوو ئەوە تەنها ڕۆژێک بوو دەنا هەموو شتەکان دەشێوێنرا.

وەرگێڕانی ڕزگار عبدالكريم
هۆڵەندا
٢٠٠٤-١١-١١

